# لە پێوەندی هەڵواسینی سەدام حوسێن،

## وتەبێژێک بە ناوی حزبی رزگاریی کوردستان رایگەیاند :



کاتژمێری شەشی رۆژی 30-12-2006 سزای مەرگ بەسەر سەدام حوسێن، دیکتاتۆری پێشووی عێراق بەرێوەچوو کە بەهۆی دۆسیەی دوجێل کە 148 کەس تێیدا کوژرابوون، بەسەریدا سەپێنرابوو.

بەو بۆنەیەوە دەبێ ئەو راستیە وەبیر بهێنینەوە کە فەرمانڕەوایەتی سەدام و حزبی بەعس بۆ گەلی کوردستان و گەلی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە گەورەترین کارەسات بوو، ئەوان سەدان تاوانی جۆراوجۆریان دژ بە خەڵک و مرۆڤایەتی ئەنجام دابوو، بەوهۆیەوە دەبوایە سەدام و هاوکارانی گەورەترین سزا وەربگرن. هەرچەندە لەسێدارەدانی سەدام لەسەر دۆسیەی دوجێل بەرێوەبردنی ئەو سزایەیە کە دادگە بڕیاری لەسەرداوە، بەڵام پەلەکردن لە هەڵواسینی سەدام بەرلەوەی دۆسیەکانی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی فەیلی و بارزانیەکان، راگواستنی کورد و بەسوتماککردنی کوردستان یەکلایی بکرێنەوە، دەرهەق بەگەلی کوردستان تاوانێکی دیکەیە ، ئامانج شاردنەوەی ئەو جینۆسایدەیە کە سەدام و رژێمی بەعس دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامیان داوە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە نوری مالکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق پاکانە بۆ نەتەوەکەی دەکات، بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەدام لەسەر هیچ نەتەوەو ئایینزایێک حساب ناکرێ.

لەم پێوەندیەدا دەبێ حکومەتی عێراق لەسەر ئەو تاوانانەی کە فەرمانڕەوایانی عەرەب لە بەغداد بەدرێژایی 80 ساڵی رابردوو دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامیان داوە، بە فەرمی داوای بووردن لە گەلی کوردستان بکات.

بەبڕاوی ئێمە دەبووایە سەدام لە دادگە بمێنێ و گوێی لەو تاوانانە بێ کە خۆی و پیاوەکانی دژ بە گەلی کوردستان لەسەر کوردبوون ئەنجامیان داوە.

دەبوایە نهێنی چۆنیەتی هاتنەسەرکار و هەڵگیرساندنی شەڕەکانی دژ بە گەلی کوردستان، دژ بە دراوسێکانی ئاشکرا بکرابایە. دەبوایە سەدام لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی سڤیلی کوردستان، لەسەر تاوانی بەسوتماککردنی کوردستان و بەرێوەبردنی شاڵاوی ئەنفال ، بێسەروشوێن کردنی فەیلیەکان و بارزانیەکان دادگەیی بکرابایە و سزای وەرگرتایە. دەبوایە نهێنی رازەکانی سەدام لە دوژمنایەتی گەلی کوردستان و هۆکاری بەرپاکردنی شەڕی کوردقڕان لە زاری خۆیەوە وەربگیرابایە، بەڵام بە هەڵواسینی سەدام لە یەکەمین رۆژی جەژنی قوربان خزمەتێکی گەورە بەسەدام کرا ، لەلایەکەوە سەدام لە دادگە و لێپرسینەوە رزگاری بوو ، لەلایەکی دیکەشەوە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان وەک رەمزی نەتەوەیی و بەرخۆدانی خۆیان چاوی لێدەکەن .

لە سێدارەدانی سەدام تۆزقاڵێک سوودی بە گەلی کوردستان نەگەیاندووە ، چونکە ئەو تاوانانەی کە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون وەکو خۆیان پێشان نەدران و شاردرانەوە . ئەو کوردە خۆفرۆشانەی داردەستی سەدام بوون ، خۆشخزمەتیان بۆ رژێمی بەعس دەکرد و داکۆکیان لێدەکرد، بەشداری و چاوساغییان لەشەری کورد قڕاندا دەکرد، وەکو خۆیان ماونەتەوەو رێزیان لێدەگیرێ.

ئەگەر سەدام لە زیندان بهێڵرابایەوە ، هەر رۆژێکی بۆ ئەو مردنێک بوو ، بەڵام بە هەڵواسین حەسایەوە ، ئەوێک کە کۆستی هەزاران هەزار بنەماڵەی خستبوو، داخباری کردبوون زۆر بەئاسانی لەسێدارەدراو سڕایەوە.

پەلەکردن لە هەڵواسینی سەدام ئامانجانی تایبەتی هەیە:

**یەکەم** :راپۆرتی بیکەر- هاملتن لە ئەمریکا دەخوازێ کە سیاسەتی خۆی لە عێراق بگۆڕێ، لەسێدارەدانی سەدام لە چوارچێوەی گۆڕینی ئەو سیاسەتەدایە .

**دووەم** : حکومەتی عێراق (شیعە) دەیەوێ رێگە لەو گومان و بانگەشانە بگرێ کە باسیان لە گەڕانەوەی سەدام دەکرد، هەروەها گومان و ترسی ئەوەش هەبوو نەبادا لە کاتی گەورەتربوونەوەی کێشەو ئاڵۆزیەکانی ناوەخۆی عێراق دەرفەتی رزگاربوونی سەدام برەخسێندرێ.

**سێیەم** : شاردنەوەی ئەو تاوانانەی کە فەرمانڕەوایانی عەرەب لە بەغداد دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامیان دابوو، بە تایبەتیش شاردنەوەی تاوانی جینۆساید کە لەبەرانبەر کوردستانیان پێڕۆکراوە.

**چوارەم** : شاردنەوەی نهێنیەکانی پێوەندی و هاوکاریەکانی کەسایەتی و هێزەکانی ناوەخۆو دەرەکی و وڵاتانی جیهان لەگەڵ سەدام و رژێمی بەعس دا.

بەوهۆیەوە دەبووایە دەستەڵاتدارانی کوردستان هەوڵی شێلگیرانەیان بدابوایە تا سەدام و تاوانبارانی دیکە لە هۆڵی دادگە بمێننەوەو لەسەر ئەنفالکردنی کوردان و بەسوتماککردنی کوردستان و بەرێوەبردنی شەڕی کوردقڕان دادگەیی دەکران و سزای خۆیان وەردەگرت.

بەرژەوەندی دۆزی کوردستان لەوەدابوو کە سەدام وتاوانبارانی دیکە لە زاری خۆیانەوە دانیان بە بەنەخشەو چۆنیەتی بەرێوەبردنی جینۆسایدی کورد بنابوایە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە هەڵواسینی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر دەرس و پەندێکی بەسوودە بۆ فەرمانڕەوا داپلۆسێنەرەکان، زەنگی مەترسیە بۆ دیکتاتۆرەکانی دیکە، بۆ ئەو دەستەڵاتدارانەی کە گوێ لە داخوازیەکانی گەل ناگرن و لەخەمی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دان.

**وتەبێژێک بە ناوی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
2006-12-30

# عێراقی دوای سەدام حسێن!



**هۆشیار عەبدولرەحمان**

دەرئەنجام لەدوای فەرمانڕەوایی کردنی زیاتر لەسێ دەیە لەوڵاتێکی وەک عێراقی پڕلەکێشەی رەگەزی و مەزهەبی و سیاسی یەوە لەلایەن دیکتاتۆریەکی سەربازی و دڵڕەقەوە کەدواتر بە لەسێدارەدان و خنکانی خۆی کۆتایی هات. لەدوای بەرێوەچوونی دادگای باڵای تاوانەکانی دۆسیەی شارۆچکەی دوجەیل کە (148) کەس ساڵی (1982) بەدەستی دام و دەزگا مخابەراتی و سەربازیەکانی بەعس قەتڵ و عام کران و لەئەنجامدا دادگا لەرۆژی 30 کانوونی یەکەمی ساڵی 2006 کەریکەوتی بەرەبەیانی جەژنی قوربانی پیرۆزی دەکرد، دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی دەوڵەتی عێراق بڕیاری خنکاندنی (سەدام حسێن) یان جێ بەجێ کرد، ئەم بڕیارەی لەسێدارەدانە لەچەندین لاوە پێشوازی لێکراو لەچەندی لای تریشەوە کەوتە بەر رەخنەو گلەیی لە لێپرسراوانی دەوڵەتی عێراق، هەندێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن لەژووری لەسێدارە دانەکەدا چەند پاسەوان و بەرپرسێک ئامادەی لەسێدارە دانەکە بوونەو دروشمی سیاسیان وتووەتەوەو هەڵپەرکێشیان کردووە و بە (سەدام) یان وتووە برۆ بۆ دۆزەخی هەتا هەتایی، ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی تائفەی سونەو یەکێک لەئەندام پەرلەمانەکانی عێراق سوننەیە دەڵێت: سەدام هەرچەندە بەرامبەر بەگەلانی عێراق تاوانی زۆری کردوە، بەڵام ئەم دروشم و هوتاف کێشانە لەژووری لەسێدارەدان زیاتر رەوتی سەدر ئەم شێوازەیان رێک خستووەو بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ئەمەشدا رەوتی سەدر بگەرێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە ئەم ئەندام پەرلەمانە داوای کردنەوەی فایلێک دەکات بۆ ئەم مەبەستە، لەدوای کۆتایی هاتنی ژیانی سەدام حسێن کە بەرزترین پلەی حزبی بەعسی و دەوڵەتی عێراق بوو، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئایا دوای مردنی سەدام حسێن عێراق بەرەو کوێ مل دەنێت و کوشتنەکەی قەیران و تەنگەژەکانی ناو عێراق و بەتایبەتی ململانێی سونەو شیعە هێور دەبێتەوە یان بەپێچەوانەوە زیاتر دەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ئاماژە بۆ ئەم عێراقە دەستکردە بکەین کە ئیمپریالیزم بۆ بەرژەوەندی کۆلۆنیالی خۆی ئەم سێ ویلایەتەیەی (موسڵ و بەغداو بەسرە) یان بەیەکەوە نوساندو عێراقی لێ دروست کرد بۆ مەسەلەی نەوت کەدواتر زیاتر لە (80) ساڵ خەڵکی عێراق بە کوردو شیعەوە باجی ئەم سەروەت و سامانەیان دا چونکە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەنەوت و بەئاو خاکەکەشیەوە، زیاتر لە (35) ساڵەی حوکمڕانی پاشایەتی و دواتر هاتنی کۆماری و دواتر گرتنە دەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی لەلایەن بەعسیەکانەوە، بەجارێ عێراقیان تووشی چەندین کارەسات و مەرگەسات کرد هەرلە شەری 8 ساڵی کەنداو دواتر گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دواتر کوردستانیان وێران کردو خاکەکەیشیان سوتماک کرد، پەلاماری شاری هەڵەبجە یاندا بەگازی کیمیای و خەڵکی کوردستانیان ئەنفال کرد کە (182) هەزار کەسیان زیندەبەچاڵ کرد، بەدرێژایی تەمەنی بەعسیەکان لەعێراقدا کەلەپەیرەو پرۆگرامی حزبی بەعس و بەرنامەکانیاندا کە دروشمی (یەکێتی و یەکسانی و سۆسیالیستی) یان بەگوێی دنیادا دەداو کەچی بەپێچەوانەوە بیری رەگەز پەرستی و شۆڤێنیەتی عەرەبیان بڵاودەکردەوە و بەرنامەیەکی پلان دارێژراویان بۆ گەلی کوردو بزاڤە شۆڕشگێڕەکەی دانابوو کەمیللەتی کورد لەناو بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا بتوێنێتەوە، بەڵام بەمەرامە گڵاوەکەیان نەگەیشتن و لەئەنجامدا سەری خۆیان خوارد، نیگەرانی و رەخنەی هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی بەرپرسانی ئەوروپا بەتایبەتی دەوڵەتی ئیتاڵیا کەدژی لەسێدارەدانی سەدام حسێن بوون و بەهەڵەی مێژوویی و سیاسی وەسفیان کرد، لەبەرئەوەی رەوشی سیاسی و ئەمنی و ئابووری عێراق بە قۆناغێکی هەستیارو ناسکدا تێدەپەرێت و عێراق پێویستی بەهەڵگرتنەوەی هەنگاوی سیاسیانەو هێورکردنەوەی رەوشی خراپی شاری رومادی و بەغداد و بەعقوبە هەیە بۆ ئەوەی ئەو کوشتارە دڵ تەزێنە کەرۆژانە زیاتر (100) تەرم لەدەروبەری شاری بەغداد دەدۆزرێتەوە. کاتی لەسێدارەدانی سەدام حسێن بەکاتێکی هەڵە لێکدەدرێتەوە و ململانێیەکان گەورەتر دەکات و پرۆژەی نیشتیمانی و ئاشتبوونەوەی گشتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و قەیرانەکان قوڵ تر دەکاتەوە و ململانێی تائفی لە عێراق فراوانتر دەبێت.

# سەدام ئەکتەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا

**م/ نەوزاد حوسێن**

کاتێ مرۆڤ بەلاپەرەکانی مێژوودا دەگوزەرێ زۆر نهێنی سەیرو شاراوەی تیا دەدۆزێتەوە، لەدوای هەندێ تێڕامانی زانستیانە لەسەریان دەگات بەبڕوایەک کەسەرجەم ئەو پاراستن و شاردنەوانە لەپێناوی هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی بوونە، رەنگە هەندێک لەوانە سودی گرنگیان هەبووبێ و هەندێکیشیان زیانی گەورەیان دابێ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ نمونە ئەگەر نهێنی کردنی دروست بوون و پشتیوانی رێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەو لەسەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن زلهێزێکی وەکو بەریتانیاوە بۆ ئەوکاتە پێویست و جێگای شانازی بووبێت، هەقە ئێستا ئەو دۆسیەیە ئاشکرا بکرێت بۆ جیهان کە ئەوانەی ئەمڕۆ بەناوی ئیسلامەوە پێشەوایەتی تیرۆر دەکەن، ئاوی هەمان سەرچاوە دەخۆنەوە.ئەگەر تاماوەیەکی پێش ئێستا پێشەوایانی سۆسیالیستی لافی یەکسانیان بەگوێی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دابێ، چیتر ناتوانن کارەکانی ستالین و چاوچیسکۆ و سەدام لەدنیا پەردەپۆش بکەن، کاتی ئەوە لەزووەوە هاتووە ئەو پڕۆتۆکۆڵە نهێنیانەی لینین و ستالین ئاشکرا بکرێت کە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بەستبوویان دژی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلانی ناوچەکە. رەنگە هەر ئەو ماکەش بێ لەدڵی مۆسکۆدا مابێ بۆیە ئەسەف بۆ ئیعدام کردنی سەدام هەڵدەکێشن.

ئەوەی شارەزای مێژووی عێراقی دوای جەنگە جیهانی یەکان بێت، ئەوا بەمسۆگەری بەشێک لەژیانی سەدامیش دەزانێ. سەدام چ وەکو گەنجێکی بوێرو جەربەزە چ وەکو تاکێک لە بنەماڵەی (خێروڵا توفاح) کە روناکبیرێکی عەرەبی زەمانی مەلکی یەت بوو نیگای سەرکردایەتی حزبی بەعسی لەسەر گیرسایەوە، ئەوان سودێکی زۆریان لێ بینی لەکودەتا سەربازییەکان دژی قاسم. دیاربوو پشتیوانیەکی بەهێزیشی هەبوو چ لەناو بنەماڵەکەی چ لەناو حزبەکەی بۆیە لەهەڵاتنەکەی بەرەو شام و میسر قازانجی باشی کرد. ئەگەر وانەبووایە گەنجێکی لادێیی دواکەوتوو چۆن دەگەیشتە ئەو وڵاتانەو چاوی بەسەرۆک و هەندێ لێپرسراوی پایەبەرزی مخابەراتی نێودەوڵەتی دەکەوت ... ئەو چوونە دەرەوەیە سەدامی خستە ژێر کۆمەڵێ بەرژەوەندی یە جیاوازەکانەوە:-

1- کاریگەری هزری شۆڤینیەتی عەرەبی کە خۆی وەکو تاکێکی ئەو نەتەوەیە دەبینی یەوەو رێنماییەکانی خێروڵای خاڵۆشی زۆر رۆڵی هەبوو لەرەسم کردنی ژیانیدا.

2- کاریگەری هزری سۆسیالیستی کە حزبی بەعس وەکو دروشمێک لەکۆنگرەدا قبووڵی کردبوو بۆ خەبات کردن لەپێناویدا، بەتێکەڵ کردنی لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی عەرەبی.

3- کاریگەری سیاسەتی رۆژئاوا بەتایبەتی سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکی کە لەپلانی پەنجا ساڵەیاندا بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانیان لەمیسر کۆمەڵێ چاوپێکەوتنی نهێنی نێوان مخابەرات و سەدام و حکومەتی ئەوکاتەی میسر ئەنجام بدەن و نەخشەی دوا رۆژی عێراق بکێشن.

4-کاریگەری فیکری ئیسلامی، بەحوکمی ئەوەی سەدام لەناو بنەماڵەیەکی عەرەبی عەشایری بوو، هەروەها بۆ تەواوکردنی خوێندن چوو بۆ بەغداو لە ماڵی خاڵۆی بوو،ئەو کاریگەرییەی زۆر لەسەر بوو، بەتایبەتیش خاڵۆی کەزۆر نووسین و بڵاوکراوەی هەبوو لەسەر هەندێ مەسەلەی ئیسلامی بەشێوەیەکی نوێ و بەخوایشتی خۆی دایڕشتبوون زیاتریش لەبەرژەوەندی عەرەب بوون...

ئەگەر توێژینەوەیەکی وورد بۆ ئەو کاریگەرییەنە بکرێت لەماوەی حوکمی 35 ساڵەی بەعسدا دەردەکەوێت کەهەریەکێک لەوانە دەوری تایبەتی خۆی هەبووە لەسەر شێوەی حوکمڕانی بەعس لەوە ماوەیەدا. کاریگەری شۆڤینیەتی عەرەبی بەپلەی یەکەم و لەسەرووی هەموویانەوە ئەوەندە زۆربووە کەمەسەلەی سۆسیالیستی و یەکسانی نێوان مرۆڤ و نەتەوەکانی لەبۆتەی پۆستاڵەکانی بەعسدا تووانەتەوە، هەتا دڕندەترین دیکتاتۆری لێ کەوتەوە، تەنها ئەوەندە سوودی لە سۆسیالیستی بینی، بیکا بەنزیکترین دۆست و هاوپەیمانی سۆڤیەت کە لەبچوکترین فیشەکەوە تا گەورەترین چەکی کۆکوژیان لێ بکڕێ بۆسەر کوتکردنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان و عێراق... هەرچی کاریگەری ئەمریکاش بوو بەستنی ئەو پڕۆتۆکۆڵانە بوون کە لەشەڕی 8 ساڵەی ئێراندا رۆڵی بەرچاویان هەبوو لەپشتیوانی کردنی سەدام لەبواری سیاسی و سەربازی و لۆجستی یەوە، دواتر گرتنی کوێت رازی نەبوون بەکشانەوە، کەئێستاش جێگای گومانە، لەناو ئەو هەموو گێژاوە سیاسیانەدا سەدام خۆشی هەندێ جار یاخی دەبوو بەعەقڵی خۆی کاری دەکرد، چونکە خاسیەتی دیکتاتۆر وایە. بۆیە خۆی و دەسەڵات و وڵاتەکەشی گەیاند بەم رۆژە... ئەگەر کاریگەری ئیسلامی لەسەر خودی سەدام تاوتوێ بکرێت، دەدەکەوێت ئەو پیاوە زۆر ناسروشتیانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو فیکرەدا کردووە لەلایەک گرنگی یەکی زۆری دەدا بە بۆنە ئایینی و شوێنە ئایینی و پیاوە ئایینی یەکان، تەنانەت لەناو لێنانی شارو شوێنە گشتی و سەربازییەکاندا ئەوە زۆر رەنگی دابووەوە، کەچی لەلایەکی دیکە نزمترین دەنگ دژ بەدەسەڵاتەکەی ئەگەر ناوی خوداشی بووایە دەی سووتان و دەیخنکاند، وەکو ئەوەی کە لەکوردستان و باشور کردی.

دیاربوو کە فیکری ئیسلامی کاریگەری زۆری هەیە لەسەری بەڵام خۆشەویستی دەسەڵات وای لێ کردبوو کە هەموو ئەوانە پێشێل بکات. لادوای نەمانی دەسەڵاتەکەی و گرتنەکەی ئینجا ئەو کاریگەرییە لەسەری ئاشکرابوو، هەربۆیە تیرۆرستە سەدامییەکان بە ناوی ئیسلامەوە زیاتر قسە دەکەن و فتوا دەدەن. بەپێی هەندێ بۆچوون کاریگەری بزوتنەوەی (باطنی) لەسەر سەدام هەبووە کەچاوگەیەکی لە (ئیسماعیل) ی یەکانی میسرن. ئەو بزوتنەوەیە بڕوایان وایە کەبۆ هەموو دابەزینێکی قورئان شیکردنەوەیەک هەیە. قورئانیش وەکو هەموو شتێکی دیکە ئاشکراو نهێنی هەیە واتە (شێوەو ناوەڕۆک) هەموو کەسێکیش ئازادە لەهەڵبژاردنی رێگاکان بەرەو ناوەڕۆک. لێکۆڵینەوە لەو کاریگەریانە زۆرکەس دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کەڕاستە سەدام یەک مرۆڤ بووە بەڵام کاراکتەرێکی چالاک بووەو رۆڵی چەند کەسێکی دیکەی بینیوە.